www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-10-2006 9:09

# خوێندنەوەیەک بۆ کاسێتێکی ئەنسار ئەلئیسلام ... مەریوان نەقشبەندی

بەشی دووەم

هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەی هەورامان ئەگەرچی لەرووی نەخشەی سیاسییەوە بۆ هەندێك حیزب و لایەنی نزیك لەئێران ناوچەیەکی لەبار بووە بەڵام شێوازی عیبادەت و تێگەیشتن لەئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئەو رێگایانەی کەدانیشتوانی هەورامان بۆ فێربوونی زانستی ئیسلامی و عیبادەت هەڵیانبژاردووە، تەواو جیاوازە لەو فکرە سەلەفییە تەکفیریەی کەحیزبە ئیسلامیە توندرۆکانی کوردستان پەیرەویان دەکرد، مامۆستا عەبدوڵلا هەورامانی کەمامۆستایەکی خانەنشینەو (60) ساڵی تەمەنی خۆی لەناوچەی هەوراماندا بەسەر بردووە لەمبارەیەوە دەڵێت، 95%ی ئەو کەسانەی کە لەناوچەی هەوراماندا پابەندن بەئاینی ئیسلام، لەرێگای تەسەوف و تەریقەتی نەقشبەندییەوە فێری زانستی ئیسلامی بوون و شێوازی عیبادەتیشیان لەرێگای رێبازی تەسەوفەوە هەڵبژاردووەو هەتا ئێستاش لەگەڵدا بێت خەڵکی هەورامان پابەندن بەرێنماییەکانی شێخانی نەقشبەندی کەماوەیەکی دوورو درێژ لەناوچەی هەوراماندا خزمەتیان بەئاینی ئیسلام و خەڵکی ناوچەکە کردووەو مەزارو مەرقەدەکانیان لەخانەقاکانی (تەوێڵەو بیارەو باخەکۆن) ە. مامۆستا عەبدوڵلا لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ ئەو ئیلتیزامەی خەڵکی هەورامان بەرێبازی تەسەوف و تەریقەت بەربەستێکی گەورەبوو لەبەردەم فیکری سەلەفیەتی تەکفیری و وەهابیەت

ئەنسارولئیسلام تارادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی ناوچەکانی بیارەو باخەکۆن و دەرگا شێخان و گوندەکانی ئەم ناوچانەی هەورامانیان کردبوو کەسنوورێکی شاخاوی و راستەوخۆ بەئێرانەوەی دەیبەستێتەوە. بەڵام لەرووی پێگەی جەماوەریەوە ئەنسارولئیسلام نەیانتوانی بچنە قوڵایی هەورامانەوە، حوکمرانی و سەپاندنی شێوازی بیرکردنەوەیان بەسەر ناوچەکەدا لەرێگای تیرۆرو تۆقاندنەوە بوو، کە (مەهدی مەحمود) لەساڵی (2001-2002) قوتابی ناوەندی بوو لەبیارە بەم شێوەیە باسی حوکمرانی ئەنسارولئیسلام دەگێرێتەوە: جوندولئیسلام (ئەنسار) زۆر توورەو بێزاربوون لەوەی کەموسڵمانان لەناوچە جیا جیاکانی کوردستان و عێراق و ئێران و تورکیاوە دەهاتنە بیارەو تەوێڵەو باخەکۆن بۆ زیارەتی مەرقەدەکانی شێخانی نەقشبەندی، چەندین جار هەرەشەیان لەخەڵکی دەکردو لەخاڵەکانی پشکنیندا هەر کەسێکیان دەستگیر دەکرد ئەگەر بیانزانییایە هاتووە بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخ حسامەدین و شێخ عومەری بیارەو شێخ سیراجەدین کەمەرقەدەکانیان لەباخەکۆن و بیارەو تەوێڵەیە، بەڵام ئەوە هیچ سودی نەبوو، زۆر بەزەحمەت دەیانتوانی قەناعەت بەخەڵکی هەورامان بکەن کەسەردانی مەرقەدو مەزارەکانی نەقشبەندی (شرك) ە، لەچەندین کۆڕو کۆبوونەوەی ئیجباریدا بەخەڵکی ناوچەکەیان دەگوت نابی رێگا بدەن خەڵك لەدەرەوە بێت بۆ (بت پەرستی)، هەروەها چەند جارێك بیانویان بە من گرتووە هەر لەبەر ئەوەی بۆ ئاو خواردنەوەو دەستنوێژ گرتن چوومەتە ناو خانەقای بیارە. هەموو جارێك هەرەشەیان لێدەکردم و برێك پارەیان لێدەسەندم و ئازادیان دەکردم.

چەکدارەکانی ئەنسارولئیسلام لەچەند شەرێکدا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵی (2001 و 2002) توانیان بەرگری لەسەنگەرو بارەگاکانیان بکەن و لەهێرشی لەناکاودا چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان شەهید کردو هەندێکیشیان سەردەبڕی یان تەرمی کوژراوەکانیان دەشێواندو بەکامێرای ڤیدیۆ وێنەیان دەگرت و بەمۆنتاژو تەعلیقلێدانی عەرەبیەوە لەناو خەڵکدا بڵاویان دەکردەوەو هەندێکیشیان بۆ حەشارگەکانی قاعیدە لەعەرەبستانی سعودی و سنوورەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستان دەنارد کەبارەگاکانی قاعیدەو تالیبانی لێبوو. ئەم دەسکەوتانەی ئەنسارولئیسلام لەساڵی (2002) دا بووە هۆی لەخۆبایی بوونی چەکدارو

بەرپرسەکانیان، بەجۆرێك هەموو کلتورو داب و نەریتە نەتەوەییەکانی خەڵکی هەورامانیان قەدەخەکردو تەنانەت پێکەنین و شێوازی سەرتاشین و جۆری جل و بەرگ لەبەرکردن و هاتووچۆی خەڵکیان کۆنترۆڵ کردبوو. کابرایەکی عەرەب لەسعودیەوە یان لەسوریاو ئەردەن و میسرەوە دەهات لەبارەی هەوراماندا یاساو بڕیاری دەداو دەبوو خەڵکی دەڤەرەکەش جێبەجێی بکەن، ئەبو وائیلی کۆنە ئەفسەری موخابەرات لەبەغداوە هاتبوو کرابووە قازی شەرعی ئەنسارولئیسلام و جگە لەتەعریب کردن و بڵاوکردنەوەی فیکری کوشندەی وەهابیەت لەکوردستاندا، هێرشی دەکردە سەر پیرۆزییە ئاینییەکانی هەورامان. ئەوە بوو لەمانگی تەمموزی ساڵی (2002) دوای ئەوەی قەدەخەکردن و ترساندنی خەڵکی لەسەر سەردان و زیارەتی مەرقەدو خانەقاکانی نەقشبەندی لەبیارەو تەوێڵەو باخەکۆن بی سوود بوو، بڕیاریاندا لەنیوە شەوێکی درەنگداو بەبی ئاگاداری دانیشتووانی ناوچەکە، (ئەبو وائیل) ی کۆنە ئەفسەری موخابەراتی رژێمی بەعس و قازی شەرعی ئەنسارولئیسلام لەناوچەی هەوراماندا بڕیاریدا مەزارەکانی شێخانی نەقشبەندی لەو ناوچانەدا تێك بدات و روفات و تەرمەکانیشیان لەناو گۆڕەکانیان دەربهێنێت، کە لەو کاسێتەدا ئێسکەکانی ئەو شێخانە بەدەست ئەو چەکدارانەو لەژێر تەورو زەنگیاندا دەبینی، هەستتدەکرد ئەبو وائیل دەیویست هیچ مۆرکێکی کوردی ئایینی لەژێر زەویشدا نەهێڵێ و تەنیا ئەو ببێتە مەرجەعەکە.

ئەنسارولئیسلام زۆر باش دەیانزانی کەتێکدانی مەزارو هەڵکەندنی قەبری موسڵمانان نەك هەر شەرعی نییە بەڵکو تەواو پێچەوانەی بەها مرۆڤایەتیەکانەو لەمێژووی ئیسلامدا هەڵسوکەوتی لەوشێوەیە نەبووە. لەبەر ئەوە نەیانتوانی لەبەر چاوی خەڵك و بەرۆژی رۆشنا ئەو مەرقەدو مەزارانە تێکبدەن و هەڵبکەنن، بەڵکو (ئەبو وائیل) ی قازی شەرعی ئەنسارولئیسلام نیوە شەوی 17ی تەمموزی ساڵی 2002ی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە کە ئەم بەرپرسەی ئەنسارولئیسلام بەبەشێك لەجیهادی وەسف کردو لەلێدوانێکدا بۆ بەشی راگەیاندن و کامێراکەی خۆیان و بەزمانی عەرەبی هۆکارەکانی ئەم کردەوەیەی بەدیار دەخست و چەند جارێك بە (تاغوت) و (بت) ناوی مەزارگەکانی دەهێناو هەموو شوێنکەوتوانی تەریقەت و ئەهلی تەسەوفیشی بەجاهیل و کافر وەسف کرد. بەڵام (ئەبو وائیل) شێخانی تەریقەتی بە (اليَالحين) وەسف دەکردو گوتی "ئەگەر خۆیان زیندوو بوونایە هەرگیز قبوڵیان نەدەکرد خەڵك بێت بیانپەرستی یان تەوافیان بەدەوردا بکات و لێیان بپاڕێتەوە" ئەو پرۆسەیە کە لەژێر ناوی "ازاله مقاهر الشرك " ئەنجامدرا پرۆسەی تێکدان و شکاندنی مەزارگای شێخانی نەقشبەندی دەستی پێکردو (ئەبو وائیل) بەدەستی خۆی یەکەم (زەنگ) ی وەشاند. لەسەرەتای چوونە ناو مەرقەدەکانیش لەنیوەشەودا لەبەر ئەوەی کلیلی مەرقەدەکەیان پێنەبوو، بەئاسنێك و بەچەند کەسێك توانیان دەرگای مەزارگەکە بشکێنن و دەست بەهەڵکەندنی قەبرەکان بکەن و ئەو کەسانەی کە لەباخەکۆن گۆڕەکانیان هەڵدەکەندو ئێسك و پروسکەکەیان دەردەهێنا بەشێوەزاری هەولێری قسەیان دەکردو ئەوانەش کەلەبیارە ئەو کارەیان کرد بەشێوەزاری ناوچەی گەرمیان قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکردو وەك لەو کاسێتەی ئەنسارولئیسلامدا بەدەنگ و رەنگەوە دەبینرێت و دەبیسترێت هیچ کەسێك بەدی ناکرێت کەخەڵکی دەڤەری هەورامان بێت، لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕی شێخ حسامەددین نەقشبەندی لەباخە کۆن چەکدارانی ئەنسارولئیسلام تووشی شۆك و سەرسوڕمان دەبن کاتێك دەبینن روفاتی ئەم کەسایەتییە ئاینییە هەروەك مۆمیا کرابێت ساغەو تەرمەکەی تێك نەچووەو تەواو جیاوازە لەروفاتی کەسێك کەنزیکەی (70) ساڵ بێت کۆچی دوایی کردبێت و بەخاك سپێردرابێت، هەندێك لەو کەسانەی کە لەئەنسارولئیسلام هەڵاتبوون و ریزەکانی ئەو رێکخراوەیان بەجێهێشتبوو دووپاتیان کردەوە کەدەرهێنانی ئەو روفات و تێکدانی مەرقەدەکانی شێخانی نەقشبەندی لەناوچەی هەورامان بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەناو خودی رێکخراوەکەداو نیگەرانیەکی ناوچەیی و

نێودەوڵەتیشی لێکەوتەوەو دوای ئەو رووداوە بەچەند رۆژێك بەدەیان هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانی سلێمانی و هەولێرو چەندین خۆپیشاندان دژی ئەو رووداوە ئەنجامدراو هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی باسی ئەم رووداوەیان کرد تەنیا راگەیاندنی عەرەبی و ئیسلامی نەبێت کەگرنگی بەرووداوەکە نەدا.

(کەمال نوردەدین) یەکێك بوو لەو کەسانەی لەنزیکەوە چاودێری پرۆسەی تێکدان و دەرهێنانی مەزارو مەرقەدەکانی شێخانی نەقشبەندی بوو لەناوچەی هەورامان بەم شێوەیە کاردانەوەی خەڵکی هەورامانی وەسف کرد: ئافرەت و پیاوە پیرەکان دەگریان، لەو رۆژەوە خەڵکی بەچەکدارەکانی (جوندولئیسلام) یان دەگوت (جوند ئەلشەیتان) و دواتریش لەجیاتی ئەنسارولئیسلام هەر بە (ئەنسارولشەیتان) ناویان دەبردن، هەموو هاوکاری و سۆزێکیان بۆ ئەو تاقمە چەکدارە بڕی و تەنانەت نەفرەتیان لەکوڕو براو خزمەکانیشیان دەکرد ئەوانەی هێشتا لەناو ریزەکانی ئەم تاقمەدا مابوونەوە، لەسەر ئاستی ئیقلیمیش ئێران هەوڵێکی زۆریدا ئەم رووداوە بەهەل بقۆزێتەوە تا لەگەڵ ئەمریکا بکەوێتە گفتوگۆو لەرێگای شاندێکەوە کە بەسەرپەرشتی راستەوخۆی چەند بەرپرسێك بوو لەئیتیلاعاتی ئێران و ژمارەیەك لەخزمانی شێخانی نەقشبەندی دانیشتووی ئێرانی رەوانەی هەرێمی کوردستان کردو ئەم شاندە چاویان بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت و دەیانویست بزانن کاردانەوەی ئەم سەرکردەیەی کورد چییە بەرامبەر رووداوەکەو زۆر باش دەشیانزانی کە مەسعود بارزانی هەڵگری رێبازی تەریقەتی نەقشبەندییە. دەبی ئەو راستیە بڵێم کەبەڕێز مەسعود بارزانی ئێجگار بەو رووداوە توڕەو نیگەران بوو، لەدیدارێکی لەگەڵ شێخانی نەقشبەندی ناوچەی هەورامان و کەسایەتیە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانی دەڤەری هەوراماندا گوتی: ئەگەر حەساسیەتی نێوان پارتی و یەکێتی و رەوشی ئیقلیمی لەبار بوایە ئەوا بەهەموو هێزی پارتیەوە لەو تاوانبارانەم دەداو بەسزای عادیلانەمان دەگەیاندن. جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بۆ هەمان مەبەست و وەك هاوسۆزیەك بۆ شێخانی نەقشبەندی و ئەهلی تەریقەت و تەسەوف پێشوازی لەشێخ عەدنان نەقشبەندی نەوەی شێخ حسامەددین کردو پشتگیری خۆی و یەکێتی نیشتمانی بۆ هەر رێوشوێنێك دژی تاقمی ئەنسارولئیسلام دووپات کردەوەو بەفەرمانی بەڕێزیان مەرقەدو خانەقای باخەکۆن لەرێوڕەسمێکی جەماوەری شایستەدا کرایەوەو تەنانەت جادەی قیری بۆ گوندی باخەکۆن بردەوەو نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاریشی بۆ دروستکردنەوەی ئەو خانەقایە خەرج کرد. جێگای سەرنجە شێخانی بەرزنجی و تەریقەتی قادری هاوسۆزی و پشتیوانی تەواوی شێخانی نەقشبەندیان کردو لەهەموو خۆپیشاندان و رێو رەسمە جیاجیاکانی موریدو هەوادارانی تەریقەتی نەقشبەندی بەشداریان کردو بەڕێز سەعدی بەرزنجی لەم بارەیەوە گوتی ئەو کردەوە نامرۆڤانەی تاقمی ئەنسارولئیسلام لەباخەکۆن و بیارە ئەنجامیاندا بووە هۆی یەکخستنی ئەهلی تەریقەت و تەسەوف لەکوردستانداو بەیەکجاری ئەو تاقمەی لەلای خەڵکی کوردستان ریسوا کرد. جێگای وەبیر هێنانەوەیە کەهەریەکە لەبزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبەیاننامەی رەسمیدا ئەو کردەوەیان مەحکوم کرد،

Mariwan_na@yahoo. com